# سامانی ڕاستەقینەی ئەوەیە کە پێشووتر خەرجی کرد، وئەوەی ماوەتەوە سامانی میراتگرانە

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کێ لە ئێوە سامانی میراتگرەکەی خۆشەویستترە لە لای زیاتر لە سامانی خۆی؟»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، هەمووومان سامانی خۆمان زیاتر خۆشدەوێت، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سامانی ڕاستەقینەی ئەوەیە کە پێشووتر خەرجی کرد (بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان)، وئەوەی ماوەتەوە سامانی میراتگرانە».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیار لە هاوەڵانی دەکات: (کێ لە ئێوە سامانی میراتگرەکەی خۆشەویستترە لە لای زیاتر لە سامانی خۆی؟): واتا ئایا کام لە ئێوە حەز دەکات سامانی میراتگرەکەی کە لە پاش خۆی جێی دەهێڵێت زیاتر بێت لە سامانەکەی خۆی کە لە ژیانیدا هەیبووە، ووتیان: (هەمووومان سامانی خۆمان زیاتر خۆشدەوێت): واتا هەموو مرۆڤێک ئەو سامانەی لە نێو دەستی خۆیدایە وبە ئارەزووی خۆی مامەڵەی پێوە دەکات لە لای خۆشەویستترە لە سامانی خەڵکی تر؛ چونکە ئەوەی لە نێو دەستیدایە هۆکارە بۆ جێبەجێکردنی ئارەزوو وهیواکانی. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (سامانی ڕاستەقینەی ئەوەیە کە پێشووتر خەرجی کرد -لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان-): واتا ئەو سامانەی کە مرۆڤ لەسەر نەفسی خۆی خەرجی دەکات، ولە کردەوە چاکەکان و وەقف کردن ودروستکردنی مزگەوت وقوتابخانە ونەخۆشخانە وخەرجکردنی لەسەر خۆی وخێزان ومنداڵەکانی؛ لەڕاستیدا ئەمە سامانی ڕاستەقینەی مرۆڤە کە لە پێشیدا دەیبینێت لە ڕۆژی قیامەت. بەڵام ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی هەڵیدەگرێت ودەستی دەگرێتەوە وڕەزیل دەبێت لە بەخشین لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا ئەمە بۆ میراتگرانی دەبێت، نەک ماڵی ڕاستەقینەی خۆی بێت. ولەم بابەتەدا فەرموودەیەکی تر گێڕدراوەتەوە کە عبداللەی کوڕی شیخیر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا: { أَلۡهَاكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ}ی دەخوێند، -ئایەتەکە واتا- : {ئێوەی بێئاگا کردووە شانازیتان بە زۆریی سەروەت وسامانەوە}[التكاثر: 1]، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (يقول ابن آدم: مالي، مالي، قال: وهل لك، يا ابن آدم من مالك إلا ما أكلت فأفنيت، أو لبست فأبليت، أو تصدقت فأمضيت) واتە: نەوەی ئادەم دەڵێت: سامانەکەم، سامانەکەم، لەکاتێکدا ئەی نەوەی ئادەم ئایا خاوەنی هیچ سامانێک لەکاتێکدا ئەوەی خواردت ڕۆیشت، یان -جل بوو- لەبەرت کرد وپاشان فڕێتدا -نەتپۆشی-، یان خێرت پێی ئەنجامدا ئەوا بۆ خۆت پێشت خست -بۆ قیامەت-) [رواه مسلم]، وئەمیش مانای ئەوە نییە کە دەبێت مرۆڤ هەموو سامانەکەی لە پێناو خوای گەورە خەرج بکات وخۆی وخێزانەکەی بمێننەوە ودەست لە خەڵکی پان بکەنەوە، بەڵکو مانای فەرموودەکە ئەوەیە: کە پێویستە مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدات هەندێک لە سامانەی بۆ خۆی پێش بخات بۆ ڕۆژی قیامەت وبیکات بە خێرێکی بەردەوام، وهەروەها خەرجکردن لەسەر خێزان ومنداڵ واجبە ولە هەمان کاتیشدا خێرە چونکە مرۆڤ هەردەبێت خەرجیان لەسەر بکات ئەگەر وا نەکات ئەوا گوناهبار دەبێت، وبەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (يا ابن آدم إنك أَن تَبْذُلَ الفَضَل خيرٌ لك، وأن تمسكه شر لك) [رواه مسلم] (ئەی نەوەی ئادەم، ئەو سامانەی زیاد لە پێویستە بیبەخشیت؛ ئەوا ئەمە خێر -وچاکەیە- بۆت، وئەگەر -ئەو زیادەیە- بگریتەوە ونەیبەخشیت؛ ئەوا ئەمە شەڕ -وخراپەیە- بۆت).

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee